# بەیاننامەی وەزارەتی مافی مرۆڤ
# لەمەڕ کوشتنی ( دوعا )

ئەگەر چی توندوتیژی لە ناوچە جیاجیاکانی عێراقدا هەموو پێوەرە مرۆیی و ئەخلاقیەکانی تێپەراندووە و پێشێلکاریەکان تەنها لە بواری مافەکانی مرۆڤدا نییە بەڵکو پێشێلکاری لە هەموو شتێکدا دەکرێت،زۆر بەداخەوە ئەم توندو تیژیە هەندێك ناوچەی هەرێمی کوردستانیشی گرتۆتەوە کە هێشتا لەژێر ئیدارەی حکوومەتی ناوەندیدایەو لەو شوێنانەدا کاری تۆڵە سەندنەوەوتۆقاندن لەسەر بنەمای دینی و مەزهەبی ئەنجام دەدرێت،هاووڵاتیانی کورد لەم ناوچانەداو لەزۆربەی ئەو ناوچانەی کە دەکەونە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی جگە لەوەی بەشداری لە قوربانیەکانی دەستی تیرۆر و تیرۆستان دەکەن، بونەتە قوربانی ئینتیمای نەتەوەییان و چەند رۆژێك لەمەو پێش (23)هاووڵاتی کوردی ئێزیدی کە هەموویان کرێکار بوون،رفێندرابوون و دوای چەند کاتژمێرێکی کەم گوللە باران کران.ئەم تاوانە سنوورەکانی کەمترین ئاستی مافی مرۆڤ و ویژدانی مرۆڤایەتی بەزاندو رەنگە ئیدانەو مەحکوم کردنی بەس نەبێت و پێویست بە هەڵوەستەیەکی نوێ بکات لەبواری پێکەوە ژیان و ئایینەدەی عێراقێك کە زۆربەی عێراقیەکان و وولاتانی ئیقلیمی و کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی بە گشتی، داوای پێکەوە ژیان و یەکپارچەیی دەکەن، ئێمە لەوەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنها بە ئیدانەکردنی ئەم تاوانە دژ بە مرۆڤایەتیە رازی نابین و لەلایەك داوا لە حکوومەتی عێراقی فیدراڵ دەکەین تاوانبارانی ئەو کۆمەڵکوژیەدەستگیر بکرێن و لەبەردەم دادگادا سزای عادیلانەیان بدرێت لەلایەکی دیکەشەوە داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیو رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە جیهاندا دەکەین لەم مەسەلەیەدا هەڵوێستێکی روون و راشکاوانەیان هەبێت و داواش لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەین ئەو تاوانە دژ بە مرۆڤایەتیە بخاتە راپۆرتەکانی خۆیەوە کە ناوبەناو لەسەر رەوشی مافەکانی مرۆڤ لەناوچە جیاجیاکانی جیهاندا بلاوی دەکاتەوە، ئێمە ئەگەر چی ئەو تاوانە دەخەینە ریزی رەشە کوژی و تیرۆرو تۆقاندنی میلەتی کوردەوە،داواش لەنەتەوە یەکگرتووەکان دەکەین ئەو رووداوە دیکۆمێنت بکات و هۆکاری راستەقینەی کۆمەڵکوژیەکەش لەو دیکۆمێنتەدا جێگیربکات،لەلایەکی دیکەشەوە وەزارەتی مافی مرۆڤ لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان نیگەرانی و نارەزایی توند دەردەبرێت لەسەر کوشتنی کچێکی ئێزیدی بەهۆی داب و نەریتی تایفی و ئایینی، شێوازی کوشتنەکەش ئەوەندەی تر نیگەرانی کردووین و داوا لەلایەنی پەیوەندار دەکەین هەموو ئەو کەسانە سزابدات کە بەشداریان لەو تاوانەدا کردووە،ئەو تاوانە لەلایەك ویژدانی هەموو مرۆڤێکی هەژاند لەلایەکی دیکەشەوە هەرەشەیەکە بۆسەر تایبەتمەندی و ئامانج و مافی ژنان و ئافرەتان

،داوا لـه ڕێکخراوەکـانی ئافرەتـان و ژنـان و وەزارەتـەکانی نـاوخۆ و ئـەوقاف و دادی حکومـەتی هەرێمی کوردستان دەکەین لەو پێشێلکاریە زەقەی مافی مرۆڤدا هەنگاوی بەپەلەو جدی بنێین.

وەزارەتی مافی مرۆڤ
2007-4-24